له وەڵام بە پرسیارەکانی ئۆکتۆبەردا (ژمارە 161):

# حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان،
# حزبێکی مارکسیستو حکمەتیست، ئەنتەرناسیۆنالیستو ئەنتی ناسیۆنالیست دەبێت

**ئۆکتۆبەر: ئایا ئەم حیزبە لەڕووی مەبادئی فیکریو ڕێبازی سیاسیو بەرنامەییەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ حزبی پێشوودا هەیە؟ هەروەها لەڕووی سیاسەتو تاکتیکەوە؟**

شەماڵ علی: لە ڕاستیدا ئەم پرسیارە یەك پرسیار نیە بەڵکو دووانی تەواو جیاوازن. لە ڕووی بەرنامەیی‌یەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بەرنامەکەی هەمان بەرنامەی دنیای باشترەو من جگە لە هەندێك دەستکاری لەبەشی دووەمی ئەم بەرنامەیەو لەو بەندانەی کە تایەتە بە عیراق لە ئێستادا هیچ زەرورەتێك بۆ ئەوە نابینم کە هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێکی جەوهەریی تیادا بکەین. بەرنامەو فەلسەفەی پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان یەکگرتوو کردنو ڕێکخستنو ڕابەری کردنی خەباتی کۆمۆنیستی‌یە لە پێناو گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیو بەرپاکردنو بەسەرەنجامگەیاندنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار کە ناوەرۆکەکەی ڕووخاندنی سەرمایەداریو بیناکردنی سۆشیالیزمە. ئەگەر ئەوەی تۆ لە (مەبادئی فیکریو ڕێبازی سیاسیو بەرنامەیی) مەبەستتە ئەمە بێت ئەوا بێ گومان هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێك لەمەدا نیەو نابێت. بەڵام من بە پێویستی دەزانم هەندێك لەسەر ئەم خاڵە ووردتر قسە بکەم.

یەکێك لە تەقالیدە ناکۆمەڵایەتیو فیرقەییەکانی چەپی ناکرێکاریو پەراوێزیی بە گشتی ئەوە بووە کە هەمیشە مامەڵەیەکی ووشكو دۆگمایانەی لەگەڵ دەقە مارکسیستیەکاندا کردووەو ئەمەی ناوناوە وەفادار مانەوە بە بنەما فیکریەکانی مارکسیزم. ئەم مامەڵە ووشکە هۆیەکەی ئەوە بووە کە ئەم چەپە لە جێگای ئەوەی بە دوای هێنانەدی ئاڵوگۆڕو شۆڕشەوە بووبێت بە شوێن خۆپارێزی و مانەوەوە بووە وەك سێکتێكو ئەدای سێکتێکی دینی دەرهێناوە کە مامەڵەی لەگەڵ سیاسەتو فیکردا وەك مامەڵەی پەیڕەوانی ئاینێکی دیاریکراو لەگەڵ سروتە ئاینیەکانیاندا وایە. دەقپەرستی چەپی ناکرێکاری لە مامەڵەی لەگەڵ مارکسیزمدا بە دیوێکیدا ئامرازی پەردەپۆشکردنی نەزۆکیو بێبەرهەمیو تەمەڵی فیکریی بووە. کاتێك باس لە مەبادئی فیکرییە مارکسیزم ئەو ناوەیە کە ئێمە لە کۆی بنەمای تێڕوانینو ڕەخنەی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنیستیمان لە سەرمایەداری ناوە، حکمەتیسم ئەو ناوەیە کە ئێمە لە مارکسیزمی ئەم چەرخەو پاکژکردنەوەی مارکسیزم لە هەر تێڕوانینو مامەڵەیەکی ناکرێکاری بەم سیستەمە فیکرییەوەمان ناوە. بەم مانایە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان حزبێکی مارکسیستو حکمەتیست دەبێت. بەڵام وەك چۆن مامەڵەی مەنصور حکمەت لەگەڵ مارکسیزم مامەڵەیەکی پراکتیکانە بووەو بە هەموو مانایەك خۆی لە دەقپەرستی ڕزگار کردووەو جەوهەری شۆڕشگێڕانەی مارکسیزمی بۆ وەڵام بە پرۆبلۆماتیکەکانی سەردەمی خۆی بەکارهێناوە مامەڵەی ئێمەش لەگەڵ حکمەتیسمو مەنصور حکمەت هەمان چەشن دەبێت. نە بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقو نە بۆ حزبی تازە لە کوردستان وەفادار مانەوە بە پرنسیپە فیکری‌یەکان بە مانای ووتنەوەی بێ‌گیانایین نییە بەڵکو کردنیانە بە چرای ڕێگای پراکتیکی شۆڕشگێڕانەو ئاڵوگۆڕ پێدەر.

سەبارەت بە سیاسەتو تاکتیك بە بڕوای من نەك سیاسەتی ئەمڕۆی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە هی دوێنێی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق دەکرێت جیاواز بێت، بەڵکو زۆر سادە دەکرێت سیاسەتو تاکتیکی ساڵێکی تری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە هی ئەمڕۆی نەچێت. دنیا بە تایبەت دنیای ئەم سەردەمەو هەل‌ومەرجی سیاسی بە تایبەت هی ناوچەیەکی هەڵایساوی وەك ناوچەی ئێمە ئاڵوگۆڕی خێراو دراماتیکی بە خۆیەوە دەبینێتو لەم بارودۆخەدا سادەترین شت ئەوەیە کە تاکتیكو سیاسەت بە پێی ئەم ئاڵوگۆڕانە بگۆڕێت. سەبارەت بە جیاوازی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە حیزبی عیراق بە بڕوای من بەر لەوەی باس لە سیاسەتو تاکتیك بێت گۆڕان لە بابەت ستراتیجمان بۆ بوون بە دەسەڵات شوێنی باسە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لە پاش ڕووخانی بەعسەوە چەقی قورسایی خۆی خستۆتە ناوەڕاستو باشوری عیراقو ستراتیجی ئەم حزبە بۆ بوون بە دەسەڵات، یان پایەکی دەسەڵات، بە مانا سیاسیو کۆمەڵایەتیەکەی لە ڕێگای وەلامدانەوە بە هەل‌ومەرجی عیراقەوە دەچێتە پێشەوە. وەڵامی شۆڕشگێڕانەو کارساز بە داگیرکاریو باڵا دەستی ئیسلامی سیاسیو جەنگی مەزهەبی ئەو ڕێگایەیە کە حزب لە عیراقدا دەکاتە هێزێکی کاریگەر لە نێو هاوکێشە سیاسیەکانی عیراقدا. بەڵام بوون بە دەسەڵات و هێزێکی کاریگەر لە کوردستان ناوەستێتە سەر تەحقیق کردنی ئەمانە. حزب لە کوردستان دەتوانێت بە گرتنە بەری ستراتیجێکی سەربەخۆ لەبەرامبەر دەسەڵاتی ئێستای کوردستاندا باڵای چەپو کۆمۆنیزم بەرزکاتەوەو ئامرازی هێزنواندنو بە مادی کردنی هێزی چەپو کرێکارانی کوردستان لەبەرامبەر دەسەڵاتی حازریدا بێت. بەم مانایەش نەك سیاسەتو تاکتیك بگرە ستراتیجی ئەم حزبە لەگەڵ ئەوەی عیراق جیاواز دەبێت. خودی دامەزراندنی حزبی کوردستان بە بڕوای من بەر لە هەر شتێك قەرزاری ئەم جیاوازیو پێویستی جیاواز بوونەیە.

بە بڕوای من حزب لە کوردستان دەبێت لە نەمەتی کارو شێوازی هەڵسوڕانیدا لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق تەنانەت پێش 14-7 یش جیاواز بێت. من دەمەوێت ئاماژە بە شتێك بکەم کە پێم وایە بە جۆرێکیش وەڵامێکە بەم پرسیارەی ئێوە. من دەزانم کە زۆر جار ئەم پرسیارەی ئێوە کەسانێك لێمانی دەکەن کە گلەییان لە "توندڕوی"و ڕادیکالیزمی ئێمە هەیە. زۆر کەس پاشەکشەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق بۆ توند بوونی سیاسی ئەو حزبە دەگێڕنەوەو خەریکن لە ڕێگای ئەم پرسیارەوە نیگەرانیەکانی ڕابردووی خۆیان بەیان دەکەن. دەیانەوێت بزانن ئایا حزبی کوردستان بە هەمان شێواز دەردەکەوێت.

من ئەوەندەی بە خودی سیاسەت بگەڕێتەوە پێم وانییە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق سیاسەتی توندی بووبێت، ئەوەی بوومان بە شێوەیەکی گشتی تەبلیغاتی توندو زمانێکی سیاسی توند بوو نەک (بە دەگمەن نەبێت) سیاسەت و پراکتیکی توند. پاشەکشەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق هی ئەوە بوو کە بە کردەوە سیاسەتێکی کارسازو "توندی" پیادە نەکرد، تەبلیغاتی توندی کرد. نە لە بەرامبەر ئیسلامی سیاسی، نە لە بەرامبەر دەسەڵاتدا، نە لە مامەڵە لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان ئێمە هەڵوێستی توندمان تەرجومە نەکرد بۆ پراکتیکێکی شایستەو لە ڕاستیدا پاشەکشەمان بە هۆی ئەوەوە بوو کە دەورانێک سیاسەتی پێکەوە ژیانمان لەگەڵ هەلومەرجی مەوجوودو دەسەڵاتی مەوجووددا پیادەکرد. شێوازی فەعالیەتمان دەبێت بە جۆرێک بگۆڕێت کە زمانی توندو تەبلیغاتی توندمان، جێگا بۆ پراکتیک و سیاسەتی کارسازو وەڵامدەرەوەمان چۆڵ بکات.

**ئۆکتۆبەر: کەسانێک دەڵێن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە کوردستان نەیتوانی سەرکەوتن و دەستکەوتێکی ئەوتۆ بەدەست بێنێ و، بیرۆکەی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. ئێوە لەم بارەیەوە دەڵێن چی؟ ئایا ئێوە لەم سەرەتای پرۆسەی پێکهێنانی حزبی تازەیەدا چەندە ئومێدەوارو گەشبینن بە کاری ئایندەی ئەم حزبەو چەندە بەوادری ئەوە بەدی ئەکەن کە بتوانێت کاریگەری ئیجابی لەسەر ژیانی هەرئەمرۆی خەڵکی کوردستان دابنێت و بەرەو ژیانێکی ئاسوودەتر و ئینسانی‌تریان بەرێت؟**

**شەماڵ علی:** ئەوەی کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بەرهەمی سەرنەکەوتنی کۆمۆنیزمی کرێکارییە لە عیراقدا ڕاستیەکە. بەڵام دەبێت ئەم ڕاستیە لە بعدێکی فراوانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ببینرێت نەک حزبی و بەرتەسک. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاری و، چەپی کۆمەڵگا بە گشتی، لە عیراقدا بیتوانیایە لەمپەرێک لەبەردەم نەخشەو سیاسەتەکانی بۆرژوازیدا دروست بکات. نە هەلومەرجی ئێستا لە عیراقدا بەم شێوازە دەبوو کە ئیسلامی سیاسی بەم جۆرە باڵا دەست بێت و نە ئەم قەڵەشتە گەورەیە دەکەوتە نێوان کوردستان و عیراقەوە. پارچە پارچە بوونی کۆمەڵگای عیراق بەم جۆرەو ئەوەی کە ئاسۆیەک بۆ ئینتیگریتە بوونەوەی کوردستان بە عیراقەوە نابینرێت بەرهەمێکی نەخوازراوو سەلبی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانە لە عیراقدا. سیاسەتی شۆڤێنیستانەی ناسیۆنالیزمی عەرەب و بەعس بە تایبەتی و جەنگی یەکەمی ئەمریکا لە بەرامبەر عیراق و تەداعیاتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئەم جەنگەو دەوری مێژوویی ناسیۆنالیزمی کوردو ڕۆڵی لەم هەلومەرجە نوێیەدا، جەنگی دووەمی ئەمریکاو داگیرکردنی عیراق و لە هەموو ئەمانەش کاریگەر تر سیاسەتی سازدانەوەی دەسەڵات لە عیراق لەسەر بنەمای دابەشکارییەکی مەزهەبی و قەومی لە هۆکارە ڕاستەوخۆکانی دروست بوونی ئەم قەڵەشتەن.

ئەوە ئاشکرایە کە سەبارەت بە جەنگی ئەمریکاو داگیرکردنی عیراق و بارونەنجامەکانی ئەم داگیرکارییەو سیاسەتی کۆنەپەرستانەی سازدانەوەی عیراقێکی عروبی-ئیسلامی و فیدرالیزمی قەومی و مەزهەبی لە عیراقدا، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق سیاسەتی بەربەرچدانەوەو ڕاوەستانەوەی بەرامبەر بەو هەلومەرجە هەڵبژاردووە، ئەگەر ئەم سیاسەتەی حزبی عیراق سەرکەوتایەو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق هێزێکی کاریگەری ناو معادەلاتە سیاسیەکان بووایەو بیتوانیایە بەر ئەم ڕەوتی هەڵخزان و داڕمانە لە عیراقدا بگرێت، هەلومەرجی عیراق بەم جۆرەی لێ نەدەهات و کوردستان و عیراق ئەم قەڵەشتە گەورەیە لە نێوانیاندا دروست نەدەبوو، بەم مانایەش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان مەوزوعیەتی نەدەبوو. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هێزی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عیراقدا نەیتوانی لە ئاست ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیەدا بێت و سەرەنجام چارەنووسی عیراق خەریکە لە لایەن هێزە تاریکخوازە ئیسلامی و قەومییەکانەوە دیاری دەکرێت. سەرباری ئەوەی هەوڵ و خەباتی دلێرانەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لە عیراقدا بەردەوامەو هێشتا ئەگەری ئەوەی کە ئەم حزبە وەڵامی ئەم هەل و مەرجە تازەیە بداتەوە مونتەفی نییە، بەڵام ئەم خەباتە لە هەلومەرجێکی زۆر نالەبارتر لە چاو چەند ساڵ لەمەوبەرەوە دەچێتە پێش و ڕاگرتنی پێشڕەوی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان لەسەر پێشڕەوی ئێمە لە عیراقدا دروست و عەمەلی و سیاسی نییە.

دیارە ئەم جۆرە لێکدانەوەیە زۆر لەگەڵ ئەو تێڕوانینە جیاوازە کە پێی وایە حزبی عیراق بە خاتری هەڵگرتنی ناوی عیراق و لەبەر ئەوەی کە خەسڵەتێکی زۆر تۆخی ئەنتی ناسیۆنالیزمی هەبووە سەرنەکەوتووەو گوایە حزبی کوردستان بە مانایەک خەریکە ئەم خەسڵەتەی خۆی کاڵدەکاتەوەو دەچێتە پاڵ حزبە کوردستانییەکانی تر. دەبێ ئەوە زۆر ڕۆشن بێت کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بە هەمان ڕادە کوردستانییە، کە حزبی عیراق عیراقییە. حزبی کوردستان هەروەک حزبی عیراق، حزبێکی ئەنترناسیۆنالیستەو لە خەباتی بۆ دەسەڵات لە کوردستان و بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ لەگەڵ بورجوازی کوردستان بەرژەوەندیە ئەنترناسیۆنالیستییەکانی چینی کرێکاری هەمیشە لەبەرچاوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان حزبێکە لە ڕووی ناسنامەییەوە حزبێکی ئەنتی ناسیۆنالیزمەو پاشەکشە کردن بە ناسیۆنالیزمی کوردو دەرهێنانی دەسەڵات بە هەموو ماناکانی لە دەست ئەم جووڵانەوەیە بەشێکی دانەبڕاوی ستراتیجییەتی بۆ گرتنی دەسەڵات و ئاڵوگۆڕپێدانی کۆمەڵگا.

لێکدانەوەیەکی تری تەنانەت لەمەش بەرتەسکتر ئەوەیە کە گوایە ئەمە ناوگۆڕینێکە بۆ ئەوەی حزبی تازە خۆی لە مێژووی سەرنەکەوتنەکانی حزبی عیراق جیابکاتەوەو مەسئولیەتی ئەو سەرنەکەوتنانە لە شانی خۆی داماڵێت. من ئەمە بە لێکدانەوەیەکی پووچ دەزانم و هەر لێرەدا ئەوە ڕادەگەینم کە وەک یەکێک لە ئەندامانی ڕابەری حزبی عیراق و یەکێک لە بەشدارانی پرۆژەی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان مێژووی حزبی عیراق بە هەموو سەرکەوتن و سەرنەکەوتنەکانییەوە بە

بەشێك لە مێژووی خۆم دەزانم. لە ڕاستیدا من ئەوە بە هەڵوێستێكی بەرزی ئەخلاقی نابینم كە لە بەرامبەر هەر ڕەخنەیەك كە لە ڕابردووی حزبی عیراق دەگیرێت شانی خۆم لە ژێر بەرپرسیارێتی دەربهێنم. لە لایەكی ترەوە ئەوە بۆ من لە ڕۆژ ڕووناكترە كە هەمان ئەو تەقالیدانەی كە بوونە هۆی سەرنەكەوتنی حزبی عیراق مومكینە لە حزبی تازەشدا كاری خۆیان بكەن. ڕەخنە گرتن لەو تەقالیدانە ڕەخنە لە ڕابردوو نییە بە تەنها، بەڵكو ڕەخنەیە لە ئێستاشمان‌و دەبێت ئەم ڕەخنەیە بە كۆتایی خۆی بگەیەنین. دامەزراندنی حزبێكی نوێ فرسەتێكە بۆ ئەوەی پیاچوونەوەیەكی قووڵ بە ڕابردوودا بچینەوە، نەك ئەم پیاچوونەوەو ڕەخنەیە ڕابگرین‌و بازی بەسەردا بدەین.

سەبارەت بەوەی كە ئێمە چەندە بە ئایندەی كاری ئەم حزبە ئومێدەوارین، من پێم وانییە كەس لەبەر بێ ئومێدی بە ئایندەی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان بەم پرۆژەیەوە پەیوەست بووبێت. هەر بۆیە دەتوانم لە جیاتی هەموو هاوڕێیانیش بڵێم كە ئومێدێكی گەورە بەوە هەیە كە ئەم حزبە بتوانێت حزبێكی كاریگەر بێت. بەش بە حاڵی خۆم ئەم ئومێدە بە فاكتەری بابەتییەوە نابەستم. مەبەستم ئەوەیە كە مەسەلەكە تەنها ئەوە نییە كە كۆمەڵگای كوردستان پێویستی بە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی هەیە. چونكە پێم وایە كۆمەڵگا نییە لە دنیادا پێویستی بەم حزبە نەبێت. ئەوەی كوردستان لە شوێنێكی تری دنیا جیا دەكاتەوە ئامادەیی زاتیی كۆمۆنیزمی كرێكارییە. ئەم جووڵانەوەیە مێژوویەكی لە كوردستاندا هەیەو خاوەنی كۆمەڵێك كادری بەرچاوڕوونە كە لە جێگای تر وانییە. كوردستان لەم سەردەمەدا بە توند پێچێكی گەورەدا تێدەپەڕێت‌و جووڵانەوەی كوردایەتی لە كوردستانی عیراقدا مایەپووچ بووەو دەرگیری قەیرانێكی گەورەی فیكری‌و سیاسیە. دیارە ئەمە زەمینەیەكی لەبار بۆ دەركەوتنی ئەڵتەرناتیڤی تر دەڕەخسێنێت. بەڵام ئەم دەرفەتە تەنها بۆ ئێمە نەڕخساوە، ئیسلامی سیاسیش هەیەو ئەگەری دەركەوتنی ئەڵتەرناتیڤی تریش مونتەفی نییە. ئەوەی ئومێد بە من دەبەخشێت ئەوە نییە كە ئەم قەیرانە هەیە، بەڵكو ئەوەیە كە ڕیزێك كۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ‌و لێبڕاو قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە كە وەڵام بەم هەل‌ومەرجە بدەنەوە.

خاڵكی تریش لێرەدا پێویستە باس بكرێت ئەویش خودی جێگاوشوێنی ئومێدە لەم پرۆژەیەدا، دیارە كە ئومێدەواربوون بە ئایندە هێزێكی گەورەیە بۆ ئاڵ‌وگۆڕ، كەسانێك كە بە داهاتووو بەرهەمی كاریان ئومێدەوارن ئامادەی لە خۆبوردن‌و لێبڕان دەبن. بەڵام ئەوەی كە ئێمەو خەڵكێكی زۆر دەخاتە سەر ڕێگای كۆمۆنیست بوون‌و حزب پێكهێنان‌و حزبایەتی كردن لە بناغەوە ئەمە نیە. من پێم وایە دەستبردن بۆ سیاسەت‌و حزبایەتی ناچاریەكە بەرهەمی هەڵنەكردنمانە لەگەڵ واقعدا. كەسانێك كە دەبنە كۆمۆنیست‌و ڕێگای خەباتی كۆمۆنیستی هەڵدەبژێرن بەشێكن لەو ئینسانانەی كە ناتوانن لەگەڵ كۆیلایەتی‌و نابەرابەری‌و ستەمدا هەڵكەن. كەسانێكن كە ناتوانن لە سایەی ئەم هەموو زەجرەدا كە ئینسان دەیچێژێت سەری بێ ئێش بخەنە سەر سەرینی ئاسوودەیی‌و لێی بنوون. كرێكارانێكن كە هەموو ڕۆژ كۆیلە بوونیان بۆ سەرمایەو بازاڕی كار ئەشكەنجەیان دەدات، لاوانێكن كە ناتوانن بێ ئیرادەیی‌و تەسلیم بوون قبووڵ بكەن، ژنانێكن كە ناتوانن بە جێگاوشوێنی نیوە مرۆڤی، یان لە ڕاستیدا نامرۆڤی ڕازی بن. بەڵام لەمەش زیاتر كەسانێكن كە دەیانەوێت ئەم قبوڵ نەكردن‌و یاخی بوونە لە هەڵوێستێكی زاتییەوە بكەنە پراكتیكێكی سیاسی‌و ڕێكخراو بۆ ڕزگار بوون. هەر بۆیە من پێم وایە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی بەرلەوەی باسی ئومێد بێت‌و خەریكی بەڵێندان بە ئایندەیەكی پرشنگدار بێت، دەبێت نیشانی بدات كە چوارچێوەی بە مادی كردنی ئەم ئیرادەی یاخی بوون‌و ناووتن‌و گۆڕینەیە. حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی بەر لەوەی پرۆژەیەكی ئومێد بەخش بێت كە خەباتكارانی كۆمۆنیست لە پێناو هێنانەدی ئەو ئومێدانەدا بۆ گیانبازی‌و لێبڕان‌و قوربانی دان بە بەشێك لە ژیان بانگەواز دەكات، دەبێت نیشانی بدات كە ئامرازی مومارەسە كردنی ژیانی خەباتكارانەی ئەوانە.